له پشتی هیچ ئیمامێک نوێژم نەکردووە کە نوێژەکەی هێندە پوخت وکاملّ وجوان بێت وەکو نوێژی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لە پشتی هیچ ئیمامێک نوێژم نەکردووە کە نوێژەکەی هێندە پوخت وکاملّ وجوان بێت وەکو نوێژی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بە ئاسانکاری دەکرد وبانگەشەی بۆ دەکرد بە وتە وکردەوە، ولە ئاسانکاری بریتیە لە پوختکردنەوەی نوێژەکان لەگەڵ پێدانی مافی پەرستن لە کاملّی وتەواوبوون، ئەنەسی کوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە لە پشتی هیچ ئیمامێک نوێژم نەکردووە کە نوێژەکەی هێندە پوخت وکاملّ وجوان بێت وەکو نوێژی پێشەوای مەزن پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، بە هیچ شێوەیەک نوێژخوێنەکان ناڕەحەت نەدەبوون بە شێوەیەک کە حەز بکەن ڕاستەوخۆ لە نوێژەکەیان دەربچن. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژەکەی بە کاملّی ئەنجامدەدا وکەموکورتی تێدا نەدەکرد؛ واجبەکان وسونەتەکانی نێو نوێژی دەپاراست، وئەمیش لە شوێنەواری بەرەکەتی نوێژەکەی بوو.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5381